کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 25-4-2007 11:28

# "جۆرج بۆش" چاوە وردەکان و ورە گەورەکەی ... حەسەن ئەحمەد مستەفا

با واز لەنەوتی عێراق بهێنین، کە دووەم یەدەگی نەوتی هەیە لە جیهاندا، شوێنگەکەشی ستراتیژیە کە دەتوانێ چەند بەشێکی جیهان پێکەوە گرێ بدات.



ئەوەی ئەمڕۆ لەعێراق دەگوزەرێت شەڕێکی بێ ئامانە، شەڕێک کە ئەوانەی ناحەقن لێی شارەزان، بەڵام بیرمان لەوە کردۆتەوە؟ کە لەشکری ئەمریکا و هیچ وڵاتێك مەگەر هێزێکی تایبەتی دەنا توانای ورەیی و شارەزایی شەڕی شەقامی نیە، بەوشێوەیەی لەعێراق رۆژانە دەهاوێتە پشت سەری خۆی و چەندین کەللە سەر دەپژێنێ.

زۆر فەنتازی بووین، لەگەڵ هاتنی هەزارەی سێهەم، قسە لەسەر ئەوە دەکرا ئاخۆ رۆڵی هێز لە هاوکێشەکاندا دەمێنێ یان نامێنێ، شەڕی ئەمریکا و رزگارکردنی عێراق بەجارێک رۆڵی فاکتەری سەربازی هێنایەوە پێشێ.

چوار ساڵ رابوردن، شەڕو شەڕ، هەواڵی ناخۆش، کۆکوژکردنی ژن و منداڵ، قوتابیانی دەبستان و هەورازتر تا زانکۆ، تەقاندنەوەی ماڵی خەڵك و خوا، ئەوەی لە بازاڕی ئەم شەڕەدا نەماندی "شەکر" بوو، ئەگینا لە تفتایی تا زەقنەبوت هەمووی هەبوو.

عێراقیەکان بە دۆست و نادۆستەکانی ئەمریکاوە لە دۆخەکە بێزارن، ئەم کەس و خێزانانەی کە چەندین رۆڵەیان بەدەستی بەعس کوژراوە، ئێستا لەم دۆخە بێزارن.

ئەمریکیەکان دژی شەڕەکەن، دیموکراتەکان بەرادەیەك دروشم دەدەن کە لەڕووی شەڕی ورەیی و پروپاگەندەوە خزمەت بە تیرۆر دەکەن.

ئێستا کارەکە لەتوانای پیاوی رۆژی سەخت "دیک چینی"ش دەرچووە، نە ئەو نە هیچ سیاسەتمەدارێکی کۆماریەکانیش نایەن دروشمی توند بدەن، تەنها ئومێدی خۆیان بەسەرکەوتن لەعێراق دەردەبڕن، خۆ کۆنگریسمان بینی کە چۆن بوو بە دیوەخانی دیموکراتەکان و هەر ئەم شەڕەش هۆکاری لاوازبوونی ئەوانی دی بوو.

ئەوەی لە ئەمریکا گرینگە، ئەو سەربەخۆییەیە کە لەشکر هەیەتی، لەشکری ئەمریکا لەشکری کۆماری و دیموکراتەکان نیە، لەشکری بەرژەوەندی گەل و خاکی ئەمریکایە.

ئێستا جۆرج بۆش وەک ئیرادەیەکی سەربەخۆ لەمەیدانەکە ماوەتەوە، جۆرج بۆش رێک لەم کاتەدا، رۆڵی سەرۆکێک دەبینێ بەر لە 100 ساڵی ئەمریکا، ئەوکاتەی سەرۆکەکان لە ئەمریکا توانای جاڕدان و هەروەها زۆر لە بڕیاراتیان هەبوو، ئەمریکیەکانیش بێ پرسیارکردن پەیڕەویان لێ دەکرد.

بۆش "بیکەر-هاملتۆن"ی راسپارد و هەرخۆشی راپۆرتەکەی بەلاوە نا، جۆرج بۆش پێداگری کرد، کە دەبێ بودجەی شەڕ بەم شێوەیەی مەیدان دەیەوێت پەسن بکرێت و کۆنگرێس دەستەکانی بۆ بقوتێ ئەگەر نا مافی ڤیتۆ بەکاردێنێ.

جۆرج بۆش لەوتاری هەفتانەی 5 هەفتەی رابردوو تا ئێستا پەسنی ئەم نەخشەیە دەکات کە بۆ ئاسایش لە عێراق دانراوە، لە وتاری هەفتەی رابردوو گووتی ئێمە هەر سەردەکەوین، لە وتاری یادی چوار ساڵەی ئازادی عێراقیش گووتی:

"ئێستا نەخشەکە لە سەرەتاوەیە، جارێ نابێ حسابی کۆتایی لەسەر بکەین"، رایس لەم چەند رۆژەدا زیاتر لەجارێك ئەم رستەیەی دووبارەکردەوە کە نەخشەی چەسپاندنی ئاسایش لە عێراق لەسەرەتاکەیدایە. VOA

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جۆرج بۆش رایگەیاند کە هاوکاری حکومەتی مالکی دەبێ لە چەسپاندنی ئاسایش، ناردنی جەنەڕاڵ پاتریێوس بۆ مەیدانی شەڕ، پشتیوانیەکی دیکەی بۆش، چونکە پاتریێوس ئەم سەرکردە سەربازیە بوو، کە لە کوێتەوە لەعێراقی کردو لە موسڵ سەری دەرکرد لەساڵی 2003، ئەو توانی بەڕادەیەک لەگەڵ خەڵکی موسڵ ئاوێتە بێ کە هاوکاریەکی باشیان دەکرد و هەر لەموسڵ کوڕەکانی دیکتاتۆر ئابلوقەدران و کوژران.

جۆرج بۆش پیاوێکی بەهێزە، دەبێ ڕێز لەتوانا و ئیرادەکەی بگیرێت، توانای جۆرج بۆش هەر ئەوەنیە کە ئەمڕۆ هەیە، ڕابردووەکەشیەتی، بۆش توانی ئەفغانستان سافی بکات، ئەفغانستان بۆ چەندین ساڵ مەیدانی شەڕی نێوان سۆسیالیستە روسەکان و ئەفغانیەکان و عەرەبە توندڕەوەکان بوو، بەڵام ڕوسیا چی نەکرد، ئەمریکا توانی ئەفغانستان بکاتەوە دەوڵەت، توانی سۆماڵ تەمبێ بکات، ئەمریکا لەسەر دەستی بۆش توانی شەڕ لە تاوەرەکانی ئەمریکا دوربخاتەوە، ئەمریکیەکان لەوە تێ دەگەن کە ئەوکاتەی 11ی سێبتەمبەر ڕوویدا، ئەمریکا و خودی کۆماریەکان خاوەنی ئەم قەڵەمڕەوەی ئەمڕۆ نەبوون، تۆ ئەوکاتی گەمیەکەی ئەمریکا لە یەمەن تەقێندرابۆوە، خۆ لە کینا و تانزانیا پێشتر سەفارەتەکانی ئەمریکا تەقێندرانەوە دوای هەموو ئەوانە بۆش توانی شەڕ لەماڵی ئەمریکا دوور بخاتەوە.

لەپێودانگی هەموو ئەوانەوە من کە تەماشای چاوە وردەکانی بۆش دەکەم، ورە گەورەکەی دەبینم.

Hassanmustafa_2007@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.